# ئێوارەی هەمەدان موناجاتێکە لەچاوەکان



بەلاّم موناجاتی چاوەکان....!!

خۆرنشینی ئەم هەموو گوناهە،

دەڕواتە کەلی چ ئێوارەیەکەوە..

ژیان چەند دوّڕاوە بێ خۆشەویستی،

چەند بەلەمێکی ختکاوە بێ سەوڵ...

تەماشایەک لەسمکۆلاّنی(با)

چۆن پێلاّوەکانی دەبەگن لەڕۆشتنا

ئەوە چۆلەکەیەکی ووتاربێژە، ئەوەندە خەیاڵ شکێ نابا

رستێک جریوە بکاتە جۆلانە،

بۆ لەرەی درەخت...

ئەوە پەڕەندەکانی وولاّتی منە هەمەدان،

هاتووم بۆلات باڵم پڕکەیت لەئەفسانەی

ئێستاو فڕین لەئاسەواری زمرۆت...!

روانینێک لەئاشوبی ئاو،

چۆن چۆتە دەستی ناخودا...

ئەوە کانییەکە قەد زراڤ،

ئەوەندە ئۆقرەی پێ نەماوە

لەجامێک ئاویدا، تریفەی مانگ مەلەبکا...

ئەوە ئەفسانەی نوتفەی ئاوی منە هەمەدان...

هاتووم بۆلات پەڕەموچی ئاو بانگ کەی،

بەتریفە سواغی بدەی رومەتی پەنجەرەم ...

چۆڕێک لە تەریبی تاریکی چۆن هەڵدەقوڵێ،

لە هەندەسەی مەرگ

ئەوە ئەستێرەی دەڤەری منە،

لەپێدەشتەکانی ئاسماندا، ئەوەندە

تەنها هاوڕێیەکی هەیە،

ئەویش شەمشەمەکوێرە...!!

-5-

کەخۆر جۆلانە هەڵدەخا،

بۆ پەلکەرەنگینە،

ئەوە پروشەی ئاوێزەیەکە هەڵە...

کە پەلکەرەنگینە دەبێتە پەنجەرەی حەوت رەنگ

لەوێرا منالان،

بەهاژەی قریوەیان

ئاوێزە راو دەکەنو

لەپێچی دەقەیەکیشدا

پشتوێنی خۆر،

دەگاتە مەنزلیٚ مەرگ...!!

-6-

زۆرجار تفەنگ خۆی گەمژە دەکا...

دەیەویٚ لەناو باخێکدا،

شەتڵی خۆی بڕوێنیٚ،

کە دەڕویٚو دەبێتە گوڵێکی ناچیزە

هیچ لەپروشەکانی عیشق نازانیٚ

هەر باڵندەیەک کەتێی دەڕوانیٚ،

لەتێڕامانی دەقیقەیەکدا

دڵۆپەی دڵی ون دەکا...!!

-7-

کەقامچییەک دەبینم...

خەیاڵم تەرجەمەی دەکا:- ئەشیٚ زنجیرێکی

رەشتاڵەبیٚ لەدەستی ئازادییا... ئەشی توولەمارێکی چڵکن بیٚ،

لەهەناوی بەردێکا...

ئەشیٚ لافاوێکی قوڕاوی بیٚ،

